قوباد تاڵەبانی لەبارەی هێناردەکردنی سوێی کوردستانەوە پەیامێکی بڵاوکردەوە

قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەپەیامێکدا رایدەگەیەنێت، "لەوڵاتێکی تەواو هاوردەکاری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە، خەریکە وردە وردە بەرەو هەناردەکردن هەنگاودەنێین، پاش هەنار و هەنگوین و پەتاتە، ئێستا حکومەتی هەرێم سوێشی هەناردە کرد". قوباد تاڵەبانی لەپەیامێکدا باویکردەوە، "لەوڵاتێکی تەواو هاوردەکاری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە، خەریکە وردە وردە بەرەو هەناردەکردن هەنگاودەنێین، لە سەرەتای رێگەکەداین، بەڵام تێگەیشتن و پلانی باش هەیە بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ".

راشیگەیاندوە، "دەستخۆشی لە وەزیری کشتوکاڵ و هەمو ستافی وەزارەت دەکەم کە لەم چەند ساڵەدا بە گوێرەی ماندوبونێکی زۆرەوە هەوڵیان داوە بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و ئێستاش خەریکە بەرهەمی هەوڵ و ماندوبونەکانیان دەچننەوە".

دەشێت، "پاش هەنار و هەنگوین و پەتاتە، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان سوێشی هەناردە

کرد، بەهیوای بەرهەمی زیاتر وهەناردەی زۆرتر تا ئەوکاتەی کشتوکاڵ دەبێتە هەکارێك بۆ فرەچەشن کردنی داهات".